# لیستی خوا پیاوەکانی جیهان

**ئەردەڵان عەبدوڵڵا**

گەر یەکێک خاوەنی دوکانێک بێت ، ئەوا پێی دەڵێن کابرا وەزعی باشە. لەناو قامووسی سیاسیشدا بە وورده بۆرجوازی یان چینی ناوەراست ناودەبرێت . گەر یەکێکیش بازرگان ، یان خاوەنی کارگەیەک بێت ، پێی دەڵێن کابرا دەوڵەمەندە. مارکسیش فێری کردووین بەم خەڵکانە بڵێین سەرمایەدار ، بۆرجوازی . لێ لە سلێمانی بەم خەڵکانە دەڵێن **( خوا پیاو)** . منیش کاتێک راپۆرتی پیاوەدەوڵەمەندەکانی جیهانم بینی پێم باش بوو دەستەواژەی (خوا پیاو ) هەڵبژێرم .

**دەوڵەمەندەکان تا دێن دەوڵەمەنتر دەبەن**

بەم رستەیەی سەرەوە ، گۆڤاری ڤۆربس Forbes ی ئەمەریکی لیستی خواپیاوەکانی جیهانی پێ راگەیاندین . بە پێی ئەم گۆڤارە بۆ جارێکی تر سەرۆکی کۆمپانیای مایکرۆسۆڤی ئەمەریکی . بیل گاتێس Bill Gates دەبێتەوە بە خواپیاوی جیهان . ئەم بەرێزە خاوەنی تەنها **50 ملیار دۆلاری حیزە!** . *




بیل گاتێس Bill Gates

ئەم ساڵ ژمارەی ملیاردلێرەکانی جیهان زیادی کرد ، گەیشتە 793 کەس . ئەم فەقیرانە! خاوەنی 2،600 ملیارد دۆلارن . واتە ئەم بەرێزانە لە هەموو وولاتانی ئەفەریقی و عەرەب و ئیسلامی دەوڵەمەندترن .وولاتێکی وەکو هیند کە ژمارەی دانیشتوانی سەروو ملیاردێکە ، کەچی داهاتی نیشتمانی 760 ملیارد دۆلارە .هەموو وولاتانی عەرەب داهاتی نیشتمانیان ناگاتە 600 ملیارد دۆلار . وولاتێکی وەکوو فەرەنسا ، کە دووەمین هێزی ئابووری ئەوروپایە ، داهاتی نیشمانی 1600 ملیارد دۆلارە **. لەو کاتەی کەئەم بەرێزانە لەناو دەریای شیرینی پارەدا مەلە دەکەن ، دووملیارد و دوو سەد ملیۆن 2،200 مرۆڤ ئاوی پاکیان نییە بیخۆنەوە . زیاتر لە دووملیارد کەس رۆژانە بە 1 دۆلار ژیان بەسەر دەبەن . ئائەمەیە سەرمایەداری ، دەشیانەوێت هەموومان ئامین بۆ ئەم دوعایەیان بکەین. لەپاش بیل گاتێس خواپیاوێکی تری ئەمەریکی دێت ، وارێن بوفێتWarren Buffett ، ئەم بەرێزەش بە **پاچکاری! 42 ملیارد دۆلاری** لە بازارەکانی بۆرسە و بیناسازیدا کۆکردۆتەوە. کارلۆس سلیم هێلا Carlos Slim Hela ،کلاوبەسەرێکی مەکسیکیە بە جلوبەرگ دوورین30 ملیارد دۆلاری خڕ کردۆتەوە، ئەم بەرێزە خاوەنی چەندین کارگەی جلوبەرگە. Ingvay Kamprad ی سوێدی کەخاوەنی کۆمپانیای ئیکیایە . بە داربڕینەوە لە دارستانەکانی سوێد 28 ملیارد دۆلاری خڕکردۆتەوە. هیندیەکان بە زەردەچەوەوبەهارات ناسراون ، لێ Lakshmi Mittal، لەجیاتی بەهارات ئاسن دەخوات .بەیەکێک لەگەورە بازرگانەکانی ئاسن دەژمێرێت و خاوەنی 23،5 نلیارد دۆلارە. پاول ئالان Paul Allen ، کەبرادەری بیل گاتێسە و ساڵانی حەفتاکان پێکەوە خەریکی دانانی پرۆگرامی کۆمپیوتەر بوون.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئەم بەرێزەش خاوەنی 22 ملیاردە . بێرنارد ئارناولتBernard Arnault ، کەخاوەنی کۆمپانیای LVMH ، خاوەنی 21،5 ملیارد دۆلارە . وەلید بن طلال یش ، لەسعودیە بە خورماو حوشتر بەخێوکردن توانی 20 ملیارد دۆلار بدوورێتەوە. ئەم شەریفە خاوەنی سێ یەکی سیتی بانکی City Bank ئەمەریکیە. ئەم شێخە بەسووخورادن پارە پەیدا دەکات ،لێ هیچ شێخێک یان مەلایەکی سعودیەش ناوێرێت بڵێت (هذا حرام یا بن،،،،) . لێ هەژارترین ملیاردلێری جیهان کچە جوان و ناسکەکەی رەفیق حەریریە . هیند حەریری خاوەنی 1،200 ملیاردە***. ئەم خانمە باوکی لە کۆشکەکانی سعودیە ، چاو قاوەو شتی تری! بۆ مەلیک وئەمیرەکان دادەنا .لەناو خێزانە دەوڵەمەندە دەسەڵاتدارەکانی جیهانیش ، خێزانی پادشانشینی هۆڵەندا خاوەنی2،5 ملیارد دۆلارن . مەلیکەی هۆڵەندا بە گووڵ و مانگا بەخێوکردن ئەم پارەیەی کۆکردۆتەوە ، هەربۆیە هۆڵەندیەکان هێندەیان خۆش دەوێت . لە هەمووی خۆشتر ئەم گۆڤارە باسی **کاسترۆی برادەری گیڤارای کردووەو** ، بەیەکێک لە خواپیاوەکانی جیهانی دەژمێرێت . سەروەت و سامانی ئەم هاوڕێیەمان بە 500 ملیۆن دۆلار مەزندە دەکرێت . قوور بەسەر پرۆلیتاریای جیهان ، گەر بەتەمای ئەم خواپیاوانە بێت ڕزگاری بکەن، ئەوا هەتا ماوە دەبێت سیربخواو جارجاریش بۆ تامی دەم زوورنا لێبدات .

سەرچاوەکان

www.Arcor.de *

Der Spiegel, Jahres Buch ,2004.**

***
www.aljezeera.net

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com